

## فرانس ڤان ئەنرات لە هەولێر دادگایی دەکرێ!!

شەوی٢٧ /٣ / ٢٠٠٥ کاتژمێر ٨,٣٠ بەکاتی هەولێر تەلەفزیۆنی ئازادی لە بەرنامەیەکی راستەوخۆدا، مێوانداری ( سەلاح مەزن )ی رۆژنامەوان و لێپرسراوی ناوەندی هەڵەبجە ( چاك ) لە کوردستانی کرد و لە بەرنامەیەکی یەك سەعاتی وێڕای خستنەڕووی دۆسیەی ژیان و تاوانەکانی فرانس ئەنرات ، هەروا تیشکی خستە سەر دوا هەوڵەکانی چاك و پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا و ژمارەیەك رێکخراو و کەسایەتی دڵسۆزی کورد و هۆڵەندی ، کە توانرا بە هەوڵی هەموو لایەك تاوانبار بدرێتە دادگاو، لە رێکەوتی ٣/١٨ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی رەوەندی کوردی و میدیای کوردی، هۆڵەندی و جیهانی ، لە دادگای شاری رۆتردام تاوانبار رووبەڕووی تۆمەتی قاچاخچێتی کردن بە چەکی کیمیاویی بێتەوە، کە ئەو چەکەش بۆ جینۆسایدی کورد بەکارهاتووە، هەمان ئەو ماددانەی کە تاوانبار بە رژێمی سەدام حوسێنی گۆڕبەگۆڕی فرۆشتووەکە لە کیمیابارانکردنی شێخ وەسانان، سەردەشت، گۆپتەپە و دواجاریش کارەساتی هەڵەبجە بەکارهاتووە، شایەنی گووتنە بەرنامەکە لەلایەن بینەرانەوە ، بەگەرمی پیشوازی لێکراو، ژمارەیەك دڵسۆز بە تەلەفۆن پرسیارو بە دواداچوونیان پێشکەشکرد، ئەو بەرنامەیە توانی ئەو دۆسییەیە بوروژێنێ و هەوڵی دڵسۆزانی گەلەکەمان بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کیمیاباران و مەینەتییەکانی دیکەی گەلەکەمان بەرز رابگرێ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بێدەنگی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، میدیاکان، پارێزەرو یاساناسان لە بەرامبەر دۆسیەی دادگاییکردنی ئەنرات و، گوێپێنەدانی دەزگاکانی حزبی و حکومی لە کوردستان مایەی نیگەرانییەکی زۆرە ، پێویستە هەماهەنگی و کاری هاوبەش لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵەو ، بەدادگایی گەیاندنی سەرجەم ئەو تاوانبارانەی کە لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان دەستیان هەبووە.